# چاوخشاندنێک بەسەر پێشانگای ساڵانەی CES دا

پیشانگای ساڵانەی CES کە کورتکراوەی دەستەواژەی (Consumer Electronics Show)ە واتە پیشانگای ئامرازی ئەلکترۆنی بەکارهێن...ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو لە مانگی یەکەمی ساڵدا لە شاری (لاس و گاس)ی ئەمەریکا بەڕێوەچوو.. بە زۆری ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی پیشانگاکە دەکەوێتە ٧/١. بەڵام جار هەیە رۆژێك پێشتر یا دواتر بەڕێوە دەچێت.. ئەم پیشانگایە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری نیویۆرك بەڕێوەچوو، هەتا ئێستا چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەر شوێنی بەڕێوەچوونەکەی داهاتووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ەوە هەتا ئێستا لە شاری (لاس و گاس) بەڕێوە دەچێت..

پیشانگای ساڵانەی CES چەند جارێکیش گۆڕانکاری بەسەر ڕێکەوتی کردنەوەی پێشانگاکە داهاتووە، پێشووتر ساڵانە دوو جار بەڕێوەدەچوو، هاوینە و زستانە.. ساڵ هەبووە چوارجاریش بەڕێوەچووە.. بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ەوە هەتا ئێستا تەنیا لە وەرزی زستان و مانگی یەك بەڕێوە دەچێت...

پیشانگای ساڵانەی CES٢٠١٨ ئەمساڵ لە ٩ی مانگی یەك هەتا ١٢ی مانگ کرایەوە.. ئەم پیشانگایە



## سۆفیا یەکەم ڕۆبۆتی هاوڵاتی جیهانی

سۆفیا ناوی ئەو خاتوو رۆبۆتەیە کە ساڵی رابردوو، وەك یەکەم هاووڵاتی رۆبۆت لە جیهان وەرگیردرا.. ئەم ساڵ ئەم رۆبۆتە لە پیشانگای ساڵانەی CES 2018 خرایەڕوو، بە بەراورد بە ساڵی رابردوو گۆڕانکاری جیدی تێدا روویدابوو. سۆفیا رۆبۆتێکی جوان و سەرنج راکێش لەشێوەی مرۆڤ دەچێت، هەردەم بزەی لەسەر لێوە، لەکاتی قسەکردندا بە وردی گوێت لێرادەگرێ، جارجارە روو لەملاو ئەولا دەکات، چاوەکانی لێدەدات و ٦٠ هەستی جۆراوجۆر لە روخساری نیشان دەدا، ئەمساڵ لە پیشانگای ساڵانەی CES 2018 بە هەڵسوکەوتەکانی سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا.. رۆبۆتی رەگەزی مێ دیارە سەرنج راکێشترە لە رەگەزی نێر...



## ئامرازی دیجیتالی بۆ ئـ

لەمێژساڵە ئەوانەی تووشی نەخۆشی رەبۆ یان تەنگە نەفەسی بوونە و گرفت لە ئەندامی هەناسەدانیان هەیە، ئامرازێك بەکاردێنن کە بە سپیرومەتر ناسراوە، بەکارهێنەر لەکاتی پێویستدا بەکاری دەهێنێت، بە پێشکەوتنی جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەم، ئەو ئامێرەش گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.. ئامێری Go-Breath کە لە پیشانگای ساڵانەی CES 2018 نیشاندرا، هاوکاری نەخۆشەکان دەکات کە سەبارەت بە نەخۆشییەکەیان و شێوەی هەناسەدانیان زانیاری




پەنجا و یەکەمین پێشا نگا ی سالانەی CES بوو. لە پیشانگای ئەمساڵدا نزیکەی ١١٠ هەزار بەشدار بووی پیشەیی ئامادە بوون..(چونکە ئیزن بەکەسی ئاسایی نادرێ سەردانی پیشانگاکە بکات). زیاتر لە ٦٧ هەزار کەس لە ژوورەکاندا بەرهەمەکانی خۆیان ناساند. نزیکەی ٧٥٠٠ راگەیاندنی رەسمی لەجیهاندا لە پیشانگاکە ئامادەبوون و راپۆرتیان ئامادە کرد، ١٨٥ هەزار کەسیش سەردانیان کرد. تەنانەت تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەری تایبەت بە پیشانگا نزیکەی ٥ ملیۆن کەس سەردانی کردووە. سەبارەت بە پێیشانگای CES هەرئەوەندە بەسە کە پرۆفیسۆرێکی جیهانی دەڵێت: ئەمە واشنتۆن نییە جیهان دەگۆڕێت، بەڵکو جیهان لە لاس و گاسەوە دوگمەی گۆڕانی لێدەدرێت.. مەبەست لە پیشانگای تەکنەلۆژی ساڵانەیە و تەکنەلۆژیایە جیهان دەگۆڕێت، سیاسەتیش بە پاڵپشتی تەکنەلۆژیاوە جیهان بەرەو پێش دەبات... لە فایلی ئایتی گوڵاندا زۆربەی ئەو ئامرازە نوێیانە باس دەکرێن کە لەو پیشانگایەدا نیشاندران...



## ـــــــەوانەی هەناسە تەنگن

پێویست وەربگرن و تا لەکاتی پێویستدا بتوانن خێراتر چارەسەری بکەن.

ئامێری ناوبراو بەهۆی بلوتوسەوە بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ، بەکارهێنەر لەسەر مۆبایلەکەیان دەتوانن هەست بە چۆنییەتی هەناسەدانیان بکەن، بۆ نموونە لەسەر شاشەکە وێنەی گەڵایەکی تێدایە دەبێ فووی لێبکەی، ئەگەر بەکارهێنەر توانی گەڵاکە بەرداتەوە ئەوە بەمانای ئەوە دێت هەناسەدانی باشە، ئەگینا کێشەی هەناسەدانی هەیە.

## پارێزەری دەم و ددان بۆ وەرزشکاران

وەرزشکاران هەمیشە لە مەترسیدان، زۆر لە وەرزشکاران زۆرکات لە مەرگ نزیك دەبنەوە.. دەم و ددان ئەو ئەندامانەی وەرزشکارانن کە هەم ناسکن و هەم لە ئەندامەکانی دیکە زیاتر تووشی پێکدادان دەبن.. لە پیشانگای ساڵانەی CES 2018دا، ئامێرێکی هۆشمەند بەناوی HIMS کە تایبەتە بە پارێزەری دەم و ددانی وەرزشکاران خرایەڕوو..

ئامێرەکە بەشێوەی راستەوخۆ زانیاری لەکاتی پێکداداندا بۆ پزیشکی تایبەت دەنێرێ، دکتۆری تایبەت هەر لەرێگای مۆبایلەکەی خۆیەوە دەزانێت وەرزشکارەکە چەندە لە مەترسی نزیك بۆتەوە و پێویستی بە چییە.. پێدەچێت لە مۆندیالی ئەمساڵدا سوودی لێوەربگیردرێت.





# ئامرازێک کەشێکی سروشتی بۆ ف...

سەیری دیمەنی فیلمێك دەكەی كە كەسێك بە بەرزایی چیای ئیڤیرستەوە هەڵدەگەڕێ، بەڵام نازانی كەشی ئەوێ چۆنە و دەزانی بەفرە بەڵام هەستی پێناكەی، یان لە یارییەكدای تووشی شوێنێكی گەرم دەبی، بەڵام هەستی پێناكەی. ئامێری Vortx ئەم كەشە بۆ بینەر دەخولقێنێ وەك ئەوەی خۆی لە شوێنەكە بێت، بۆ نموونە چیای ئیڤیرست و شوێنی گەرمی یارییەكە..

كاتێك سەیری دیمەنی فیلمی ئیڤێرست دەكەی، بایەك سارد لەگەڵ دەنگی تایبەت بەو شوێنە لە ئامێرەكە دێتە دەر، وەك خۆت لەوێ بی ئاوایە. ئامێری Vortx یەكێك لەو ئامرازە سەرنج راكێشانە بوو كە لە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت، هۆكاری چییە موبایلەكەم لەناكاو دەكوژێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز گەلێك هۆكار هەن بۆ كوژانەوەی لەناكاوی موبایل، رەنگە یەكەم شت پەیوەندی بە باترییەوە هەبێت. هۆكاری دووەم رەنگە زوو گەرم دابێت، هۆكاری گەرمداهاتنەكەش بۆ زۆر شت دەگەڕێتەوە، وەك پرۆگرامێك كە بەم دواییە داتناوە، ئەنتی ڤایرۆسێك كەلەسەر موبایلەكەتە.. هۆكاری سێیەم رەنگە میمۆری موبایل پڕ بووبێت و شوێنی دیكە نەبێت، ئەمەش هۆكارە بۆ كوژانەوەی لەناكاوی موبایل.. باشترین رێگا ئەوەیە فۆرماتی موبایلەكەت بكەی و باترییەكەشی تاقی بكەیەوە...



# سیستەمی (Li-Fi) شوێنی سیستەمی وای-فای دەگرێتەوە

**بۆ سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت بە زۆری لە سیستەمی وای-فای سوود وەردەگرن، سیستەمێك كە مەوداكەی لە بلوتوس زیاترە و خێرایشی زیاترە..**


**لە پیشانگای ساڵانەی CES 2018 گلۆپی جۆری MyLiFi نیشاندرا كە دەكرێ بڵێین گۆڕانكاری بەسەر سیستەمی وای-فای دێنێ، پەیوەندییەك بە ئەمنییەتییەكی زیاتر، بێ وایەر بەبێ شەپۆلی رادیۆیی، تەنیا لە رێگای گلۆپی LED بۆ ئەو ئامێرانەی كە لە نزیك گلۆپەكەن بەرهەم دێنێ. گلۆپەكە وەك گلۆپی خەو دەچێت كە ئینتەرنێتی خێرا بۆ موبایل و لاپتۆپ دەستەبەر دەكات، لەراستیدا بۆ گەیاندنی ئینتەرنێت بۆ ئامێرەكان پێویست ناكات گلۆپەكە هەڵبكرێت بەڵكو بە دانەگیرساویش ئەركی خۆی ئەنجام دەدات، لای-فای تەكنەلۆژییەكی نوێیە كە خێرایی زیاترە لە وای-فای تا ئەوكاتەی كەسانی دیكە نەبنە لەمپەر لە پێش گلۆپەكە بەهیچ جۆرێك هاك ناكرێت. لای-فای لە یەك چركەدا خێرایی گەیاندنی یەك گیگابایتە.**



## ـــــــيلم و ياريەكان دروست دەكات

پيشانگاى ساڵانەى CES2018دا نمايش كرا.. خۆى ئامرازێكى چوارپاڵويە، كە لەسەر مێز دادەنرێت و بە سەرنجدان بە شاشەى كۆمپيوتەر يا لاپتۆپەكە كە چ شتێك نيشان دەدرێ هەواى گەرم و سارد لە روخسارى بەكارهێنەرەكەى دەدا.. ئامرازەكە ئەوەندەش سادە نييە، تەنيا هەوايەكى سارد يان گەرم بەڕێ بكات، بەڵكو بەپێى شوێنەكە و ديمەنى فيلمەكە سارد و گەرمەكەى زياد دەبێت، كەسێك لە فيلمەكەدا رادەكات، هەواكەساردە، كاتێك دەوەستێت هەواكە فێنك دەبێتەوە..

ئامرازەكە هۆشمەندە خۆى ديمەنەكان دەناسێ و كەشەكان جيا دەكاتەوە.



## ماڵپەڕە گوماناوييەكان بناسە

رۆژانە سەدان لينك دەكەيەوە، سەر لە دەيان ماڵپەڕ دەدەى، بەڵام نازانى كامە ماڵپەڕ جێگاى گومانە و ئالودە بە ڤايرۆسە، نازانى كامە لينكە كێشەى هەيە؟ بۆ ئەوەى بەرلەوەى سايتێك بكەيەوە بزانى سايتەكە ڤايرۆسى هەيە يان نا، سەر لە سايتى https://urlquery.net/ بدە، لەم سايتە ئەدرەسى ئەو سايتەى مەبەستە لە بوكسەكەدا بنووسەو سكان لێبدە، ئيدى سايتەكە پێت دەڵێت ئەو سايتە كێشەى هەيە يان نا.



## كيبۆردێكى تايبەت بە موبايل

لە پيشانگاى ساڵانەى CES2018دا كۆمپانياى لينۆڤۆ كۆمەڵێك بەرهەمى خۆى نمايش كردن، يەكێك لەوانە كيبۆردێك بوو بەناوى Slider Keyboard كە تايبەت بوو بە موبايل.

كاتێك كيبۆردەكە دەخەيە سەر موبايل كە هەم وەك كيبۆردێكى فيزيكى دەچێت و هەم پايەيەكە بۆ راگرتنى موبايلەكە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستێكى نوستالۆژى تێدايە موبايلەكانى ساڵى ٢٠٠٢دەخاتەوە بير..

بە كيبۆردەكە ئەركى تايب كردن ئاسانتر دەبێت و بەكارهێنەر هەست بەوە دەكات كە بەشێوەى واقيعى تايب دەكات، جگە لەوە دوگمەكانى تايبەت بە ئەنجامدانى فەرمانەكانى ديكە لە كيبۆردەكە بە ئاسانى لەبەردەستدان..